# خرۆشانی خەڵكی ئێران و بێدەنگی چینی پرۆلیتاریا!

سامان كەریم

نارەزایەتییەكان لە شارەكانی ئێران بەشێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە. خەڵكی ئێران و بەتایبەت ژنانی ئێران جەسارەتێكی گەورەیان نیشاندا. نارازیبیان لە ژنان و لاوان و خەڵك بەگشتی، سیستمی كۆماری بورجوازی ئیسلامی ئێرانی هەراسان كردووە، بەڵام ئەم جۆرە نارەزایەتیانە یان خرۆشانەی شارەكان، هەر ئەوەندە دەتوانێت یان توانای هەیە كە ئەم سیستمە هارەی سەرمایەداری هەراسان بكات. بێگومان خواستی ژنان و خەڵكی ئازادیخوازی ئێران بۆ لابردنی حیجاب و سەرجەم خواستەكانی دیكەی ژنان خواستێكی بەرحەقەو جێگای پشتیوانی ئێمە و هەموو ئازادیخوازانی جیهانە.

گەورەبوون و فراوانبوونەوەی خرۆشانەكان و بەشداری زیاتری خەڵك، ئەگەر لایەنێكی بگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی كەلێنێكی ئاوەڵاتر لە جاران و خەڵك فرسەت بهێنن و نارەزایەتی دەرببڕن، كە ئەوە مەسەلەیەكی بابەتیە و ڕق و بێزاری خەڵك و هەژاری و نەداری و بێ مافی و نەبوونی ئازادییە سیاسیەكان .. هەموو پێكەوە هۆكارێكی گەورەن كە فراوانكردنەوەی نارەزایەتیەكان دەستەبەر بكات، بەڵام ئەوە پۆینتێكە، و تائێرە دەكرێت ڕووداوەكان بەشێوەیەكی بابەتی و لە سەر ڕێچكەی سروشتی نارەزایەتیەكان و خواستی خەڵك لێك بدرێتەوە، لە هەلومەرجێكی سیاسی نۆرماڵدا لەئاستی ناوچەكە و جیهاندا. بەڵام پۆینتێكی گرینگی دیكە ئەوەیە، گەورەبوون و فراوانبوونەوەی بۆ زیاتر لە ١٣٠ شارو شارۆچكە وگۆرینی دروشم و خواست لە "لابردنی حیجاب" وە بۆ "بروخێ دیكتاتۆر "و "بڕوخێ رژێم" ناتوانێت هەروا سادە و بێ سەركردەو بێ دەخاڵەتی ئەحزاب و ڕێكخراوی جۆاوجۆر بێت، بەگشتی كۆی ئەحزابی بورجوازی لە سەڵتەنەت تەڵەبەوە تا دەگاتە ناسیۆنالیزمی كورد بە چەپ و ڕاستیەوە، بە كۆمەڵە و حزبی دیموكراتیەوە تا دەگاتە موجاهدین و تا حزبەكانی كۆمۆنیزمی كرێكاری، ئەوانیش بە چەپ و ڕاستیانەوە، هەرچەند لە بەرانبەر ئەم هەلەمومەرجەدا لە باری سیاسیەوە چەپ و ڕاستیان نەماوە هەمووی بووە بەیەك، هەموویان بەشێوەی جیاواز بەشدارن و زۆربەی هەرە زۆریان دروشمی ڕووخانی ڕژێم و بڕۆخێ دیكتاتۆریان كردە بەری نارەزایەتیەكان، و باسە لە "بزوتنەوەی سەرنگونی" و كار گەیشتۆتە "ئەلتەرناتیڤی شورای مەردم" . هەموو لایەنەكان وە بەتایبەت سەڵتەنەت تەڵەب و ئەحزابەكانی كۆمۆنیزمی كرێكاری هەموو چاوەڕوانی ڕووخانی دەسەڵاتەكەی خامنەئین بەهۆی ئەم خرۆشانەوە، وەهێشتا هەن و دیارە بە ئەوەی ڕوویداوە بە سەرەتای دەزانن.

مەسەلەی سەرەكی پۆینتی دووەم باسە لە سەردەمی یان كاتی سەرهەڵدان و ڕوودانی ئەم خرۆشانەی خەڵك، لە كاتێكدا كڵپەی كرد كە جیهانی سەرمایەداری نەك تەنها لە ئەزمەیەكی قوڵی ئابوریدا و لە قۆناغێكی تێپەری سەختدا دەژی، بەڵكو جەمسەرەكانی سەرمایەداری لە جیهاندا هێڵ و سنوری خۆیان تارادەیەكی زۆر كێشاوەو بەم پێیە وڵاتانی سەرمایەداری بچوكتر یان كەم كاریگەرتری جیهانی دابەش بوون بە سەر جەمسەرە جیاوازەكاندا، یان لە نێوان جەمسەرە گەورەكاندا بۆشاییەكیان دەستكەوتووە بۆ كایەی سیاسی و بەهێزتركردنی پێگەی خۆیان وەك سعودیە و توركیا و ئیمارات و ئەندەنوسیا و....هەلومەرجێك كە هێواش هێواش جەمسەرە گەورەكانی سەرمایە لە باری مۆلەقیەوە بۆ باری جێگیر بوون و دامەزراندن دەڕۆن، لە سەر حسابی پێگەو نفوزی ئەمریكا. لە هەلومەرجێكی ئاوەهادا، و لە غیابی هێزی یەكگرتووی چینایەتی پرۆلیتاریا لە وڵاتە سەرمایەداریە گەورەكان و هەروەها ئێران و ناوچەكەدا، دەخاڵەتی وڵاتانی گەورەی وەكو ئەمریكا و بەریتانیا و ڕوسیا و چین و فەرەنسا ... بابەتێكە جێگای گومان نیە. دەخاڵەتێك لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا. بەرژوەندی خۆیان لەمڕۆی ئێراندا، هێنانی ئێرانە بۆ نێو سنوری بەرژەوەندییەكانی ڕۆژئاوا كە پێم وایە ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ كۆماری ئیسلامی ئەو هەڵقەیە كۆتایی پێهاتووە، بەڵام مەسەلەی " گۆڕینی ڕژێم" ئەگەرچی سیاسەتی ئێستای ئەمریكا نیە، بەڵام سیاسەتێكە ئەگەر ئامانجیش نەپێكێت سودێكی هەیە بۆ بەرژەوەندییەكانی ئەو لایەنەی كە دەیەوێت پیادەی بكات، گۆڕینی رژێم یان " رژێم چینج" سیاسەتیكە مەرج نیە ئامانج لێی راستەوخۆ گۆڕینی رژێم بێت بەڵكو لاوازكردنی و دابەشكردنەوەی دەسەڵاتە لە نێو خۆی وڵاتێك یان ناوچەیەكدا. ڕژێم گۆڕین زۆرجار و ئێستاش لە ئەفەریقا لە ڕێگەی كودەتا سەربازییەكانەوە دەچێتە پێشەوە، یان لە ڕێگەی جەنگی ڕاستەوخۆوە، وەك ئەوەی لە عێراق و لیبیا و ئەفغانستان بینیمان. هەر دوو ئەم بارە بۆ ئێران كارێكی هێجگار سەختە. گریمانەی یەكەمیان هەر ناكرێت، بەڵام هێشتا بەرزكردنەوەی یان تەنانەت دروشمی گۆڕینی ڕژیم! یان هەڕەشە بە سیاسەتێكی لەو چەشنە، وەك سیاسەتێكی ئەمریكی كە لە بەهاری عەرەبیدا گەیشتە لوتكە و لە هەموویدا هەموو ئامانجەكانی نەپێكاو فەشەلی هێنا، وە فەشەل دەهێنیت، دەكرێت بۆ ئەمریكا و كۆی ئۆپۆزسیۆنی بورجوازی ئێران سودی هەبێت، لە ڕێگەی هەڵخڕاندانی هێزی ئۆپۆزسیۆنی بورجوازییەوە، كەلەمبارەوە ئۆپۆزسیۆنێكی گەورە و خزمەتكاری دەست لەسەر سنگی بورجوازی ئەمریكی و خاوەن نفوزی كۆمەڵایەتی بوونی هەیە لە ئێران و لە كوردستانەكەشی. لەم چوارچێوەیەدا دەكرێت گوڕو تینی زیاتری خرۆشانی "مردم" ی ئێران سەرنج بدەین ....سیاسەتی

ئەمریکا لەم قۆناغەدا نانەوەی ئاشوب و نا ئارامیە لە ناوچەکانی دەوروبەری ڕووسیا و چین و هەروەها ئەو وڵاتانەی کە نزیکن لێیانەوە یان نزیک دەبنەوە لێیان، ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی ئێستای ئێران، سعودیەش ڕۆلێکی ڕاستەوخۆ دەبینێت لە ناوچەکانی ئەهواز و هەروەها ناڕاستەوخۆ لە کوردستانی ئێران. سیاسەتی ئەمریکا دەتوانێت لایەنی کەم ئەم ئامانجە بپێکێت، واتە فەوزایەکی فراوان و بێ سەرو بەر. بەڵام بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی ئاوەها، بورجوازی بەگشتی دەیەوێت شوناسەکانی نێو ئێران دەمەزەرد بکاتەوە، کورد و ئازەری و سوننە و شیعە و عەرەبی ئەهواز..."ڕاگەیاندنی ناوەندی هاوکاری" بۆ مانگرتنی گشتی لە بناغەوە بۆ ئەوە نەبوو کە لە کوردستان خرۆشانەکە بەهێز بکات، چونکە ڕۆشنە کە خەڵک خرۆشاوە، ئەوان دەڵێن بۆ ماڵەوە و دوکان داخە، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە شوناسێکی ناسیونالیستی بدا بە کوشتنی ژینا و خرۆشانەکەش. بەم پێیە دابەشکردنی شوناسی نەتەوە و ئاین لە ئاستی ئێراندا پەرە پێبدەن وئەم دیاردەیە لە ئەهوازیش دەبینین .

ژینا ئەمینی کوژرا، کوشتنی ژینا ئەمینی بێگومان مەحکومە و پێویستە تاوانباران بە هێندەی تاوانەکەیان سزا بدرێن، ئەگەرچی تاوانباری ڕاستەقینە ڕژێمی بورجوازی ئیسلامی خۆیەتی نەک تەنها دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی. مەسەلەی کوشتنی ژینا مەسەلەی هەڵەی پاسەوان و پۆلیسێکی ئاداب و ئەوان نیە، بەڵکو ڕۆشنبیری و فەرهەنگ و کاڵچەری کەڵەکەبووی زیاتر لە ٤ دەیەیە کە لەڕێگەی دەسەڵاتی بورجوازی ئیسلامیەوە وەک نوێنەری چینی باڵادەستی بورجوازی ئێران بۆتە کاڵچەری باوی کۆمەڵگە. ڕۆشنە کە بەشێکی زۆری خەڵک وە بەتایبەت ژنان نەک ڕازی نین بەڵکو هەردەم خەباتیانکردوە، دژ بەم کاڵچەرە کۆنە پارێزە ئیسلامیانە و لەوانە دژ بەحیجاب وتەنانەت لە مانگەکانی یەکەمی ئەم دەسەڵاتەی بورجوازی لە سەردەمی "خومەینی" دا لە تەهران دژ بەحیجاب خۆپیشاندانی گەورە کراوە. بەڵام ناڕەزایەتی و خرۆشانی شار و خۆپیشاندان دژ بە دیاردەیەک یان بوونی داوایەک ئەگەرچی داواکارییەکی زۆر بەهێزیش بێت کۆمەڵگە و خەباتی چینەکان ناگەیەنێتە پێکدادانی چینەکان، واتە نایکاتە شۆڕش. شۆڕشی سەردەمی ئێمە یان شۆڕشی پڕۆلیتاریایە یان نیە، من لێرەدا باسی بیروڕای سۆشیالیزمی پڕۆلیتێری دەکەم نەک بورجوازی، چونکە بورجوازی شۆڕشەکانی!!! خۆی هەیە، بەهاری عەرەبی!، شۆڕشی تشرینی ساحەی تەحریری بەغدا!، شۆڕشی ژنانی ئێران! شۆڕشی خەڵک !ئەوانە و شۆڕشە ڕەنگاوڕەنگەکانی پرتەقاڵی وبەنەفسەجی.. شێوە و شێوازە جیاوازەکانی شۆڕشی بورجوازین لەم سەردەمەدا. بەڵام شۆڕشن لە پێناو گۆڕینی دەموچاوەکان بەقازانجی لایەنێک یان جەمسەرێکی گەورەی سەرمایەداری جیهانی لەم سەردەمەدا. ئەو شۆڕشەی ٢٠١٤ ی ئۆکرانیا کە ئەمریکا سەرکردایەتی کرد لە ئۆکرانیا، نەک تەنها خەڵکی ئۆکرانیا، بەڵکو ئەمڕۆ هەموو جیهان باجەکەی دەداتەوە، بەتایبەت پڕۆلیتاریا. شۆڕشی بورجوازی، لە بناغەوە وەک بابەتی مێژوو دەمێکە کۆتایی هاتووە، ئەوەی کە هەیە هەڵگێڕانەوەی نفوزی ئابورییە لە مەیدانی سیاسەتدا، شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە میسر و تونس و دواتر لیبیا و سوریا هەر بۆ ئەوە نەبوو، کە لایەنگرانی سیاسی ئەمریکا و بەریتانیا "ئیخوانی ئیسلامی" بێنە سەر دەسەڵات، بەڵکو لە بناغەترین ئاستدا بۆ مسۆگەرترکردنی دەسەڵاتی سیاسی ئەو ناوچەیە بوو، کە تا درێژ ماوە بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و ڕۆژئاوا بەگشتی بپارێزن و ڕەقیبەکانی تریان بخەنە دواوە و وەکو ئەمڕۆیان بەسەر نەیەت کە لە دوایین کۆبوونەوەی وڵاتانی نەوت-ئۆپیکدا- دەرگیری بوون. ئەگەر چی جیاوازیەکی کۆنکرێت و ڕۆشن لە نێوان بەرژەوەندی ئەنگلوسەکسانیەکان و باقی ووڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا هەیە، و ئێستا بەهۆی جەنگ لە ئۆکرانیاوە، زۆر ڕۆشنتر دەردەکەوێت.

## هەڵوێستی کۆمۆنیستی لەسەر "شۆڕشی ژنان" و "شۆڕشی مردم - خەڵک"

یەکەم: "شۆڕشی ژنان" بیدعەی ئۆپۆزسیۆنی بورجوازی ئێرانە، شۆڕشی ژنان چەمکێکی سیاسی بێ مانایە. شۆڕش لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات. کۆمەڵگە لەباری چینایەتیەوە دابەش بووە نەک لە باری ڕەگەزەوە، بەڵام بورجوازی زیرەکانە ئەم چەمکەی بیدعە-هرطقة-کردووە، نەک تەنها وەک ڕوانگەیەکی فیمینستی و دابەشکردنی چینی پڕۆلیتاریا لە سەرپایەی ڕەگەزی مێینە ونێرینە، بەڵکو زۆر لەوە فراوانترە. ناوەڕۆکی ئەم چەمکەی بورجوازی ئێران ئەوەیە "ئەگەر ڕژێم چەینج" ڕوویدا بەهۆی زۆری ئەمریکاوە، ئەوە کۆی ئەم ناڕەزایەتیانە کە ناویان لێناوە شۆڕشی ژنان!!، بەو ناوەوە مۆردەکرێت، یان ئەگەر لە کوردستانی ئێران بوارێک هاتە پێشەوەو هەلومەرجێکیان پێکهێنا وەک ئەوەی یان شێوەیەک لەو فۆرمەی کە لە ساڵی ١٩٩٠دا بۆ کوردستانی عیراق پێکیانهێنا- ئەم سیاسەتە بەشێکە لە سیاسەتی نائارامکردن نەک هیچ ئامانجێکی دیکە- هیوای خەڵکی کوردستانی ئێران لەوە زیاتر نەبێت کە ژنان بێ حیجاب بن. ئەم مۆرکردنە لایەنی کەم ماوەیەک دەخایەنێت کە لە زەینی خەڵک بچێتە دەرەوە، بەتایبەت کە ڕووخانی رژێمی ئیسلامی ئێران، ئارەزوویەکی فراوانە لە نێو کۆمەڵگەدا. بەڵام ئەنجامی ئەم پرۆسێسە بۆ بورجوازییەک گرینگە کە دەیەوێت هەرچۆنێک بێت بێتە سەر دەسەڵات. ئەنجامەکەی ئەوەیە کە شۆڕش بە دژی حیجاب کراوە، فەرموون ئەوە خواستەکەتان جێبەجێکرا. ئەم خواستە سەرەڕای حەقیانەتی بەڵام هەمیشە بورجوازی جێبەجێیکردووە. کۆی بورجوازی ئەوروپاو ئەمریکاو ڕوسیاو چین هیند و هەموو ئەمریکای لاتین و

تونس و جەزائیر و میسر و....تورکیا و ئەندنوسیا و عێراق و سوریا و ئوردون و زۆربەی وڵاتانی ئەفەریقا ...کۆسپی مافەکانی ژنیان نیە بەگشتی و لەوانە مافی ئازادی جلوبەرگ. لەوەش زیاتر، حزبێکی وەک حزبی بورجوازی ئیسلامی سەر بە دەسەڵاتی ئێستا و لایەنگرانی خاتەمی سەرەکی پێشووتری ئێران، حزبی "یەکێتی گەلی ئیسلامی ئێرانی" هەر زوو دوای ڕووداوەکەی کوشتنی ژینا داوایکرد کە "حیجابی زۆرە ملی" هەڵبگیرێت و "هەموو زیندانیەکانی ڕووداوەکە ئازادبکرێن" (پەیجی کەناڵی ئاسمانی الحرة ٢٤ی سیبتمبەر ٢٠٢٢). ئەمە هەم سنوری ڕیلاکسی بورجوازی ئیسلامی نیشاندەدات و هەم چرایەکی سەوزبوو بۆ خامنەئی و ئەمریکاش، کە "ڕێفۆرمیستە ئیسلامیەکان!!" ئامادەن کارێک بکەن. بەجیا لەوانە ژنانی ئێران وەک پیاوانی وڵات دابەشبوون بەسەر دوو چینە سەرەکیەکەدا.. واتە زۆربەی ژنان سەر بەچینی پڕۆلیتاریان و بەشەکەمەکەی سەر بەچینی بورجوازی ئێرانە، لەمبارەوە ئەم چەمکە لەگەڵ چەمکی "انقلابی مردم" دا یەکدەگرێتەوە. بورجوازی ملکەچی ئەمریکا دەزانێت کە لەباری ئابورییەوە هیچی زیاتر پێناکرێت بۆ خەڵکی ئێران. دەزانێت، دەبێت هێرش بکاتە سەر هەموو داواو خواستێکی پڕۆلیتاریا و خەڵکی ستەمدیدەی ئێران سەبارەت بە ژیانێکی باشترو مووچەیەکی باشتر و تەنانەت مافە سیاسی و فەردی و مەدەنی و سیاسیەکانی پڕۆلیتاریا بەهەمان شێوە دەمێنێتەوە لە ناوەڕۆکدا، مەگەر بۆیاخی مافی مرۆڤی بەبەردا بکەن بەهۆی میدیای ئەمریکا و ڕۆژئاواوە... کەواتە بەرزکردنەوەی دروشمی لەم جۆرە و ڕیکلام بۆکردنی کە هەندێ کۆمۆنیستی گرتەوە مەبەست لێی ئەوە بووە کە پڕۆلیتاریای ئێران، کە وەک هێزێکی چینایەتی تا ئێستا هیچی لە خۆی نیشان نەداوە لەم ڕووداوانەدا، بێ دەنگ بهێڵێتەوەو کۆی ڕووداوەکان و شۆڕشەکەیان بەلابردنی حیجابی سەر ژنان بەرتەسک بکاتەوە، کە لە بناغەوە دروشمێکی ئاوەها بۆ بورجوازی ئۆپۆزسیۆنی ئێران زەمینەی هەبوو. ئەم چەمکە زۆر دژ بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی پڕۆلیتاریایە و پێویستە لە لایەن کۆمۆنیستە پرۆلیتێریەکانەوە ڕەخنەی توندی لێبگیرێت.

دووەم: شۆڕشی خەڵک "انقلاب مردم"

کۆمۆنیزم زانستی کۆمەڵایەتییە وەک مێژوو، وەک فیزیا و کیمیا و ماتماتیک زانستە. هەر ئەمەش جیای دەکاتەوە لەوەی کە ئایدۆلۆجیا بێت، کۆمۆنیزم ئایدۆلۆجیا نییە. لە ڕوانگەی سۆشیالیزمی پرۆلێتێریەوە، کۆمەڵگە دوو چینی کۆمەڵایەتییە، لەسەردەمی ئەمڕۆی بۆگەنبوونی سیستمی سەرمایەداریدا زۆر ڕۆشن ئەم ڕاستییە دیارە. چینی پڕۆلیتاریا کە زۆربەن وەک دانیشتوان لە چاو بورجوازیدا، وە چینی بورجوازی دەسەڵاتدار، جا دەسەڵاتەکە بەدەست هەر بزووتنەوەیەکی بورجوازیەوە بێت، لە ناوەڕۆکە چینایەتیەکەی کەمناکاتەوە، ئیسلامی بێت یان لیبراڵ، دیموکراسی بێت یان ناسیونالیست. "شۆڕشی خەڵک" یان " بزوتنەوەی ڕووخانی ڕژێم" بەگشتی چەمکی شاردنەوەی خەباتی چینایەتیە. دەوڵەتەکانی جیهانی سەرمایەداری هەموویان پێمان دەڵێن "ئێمە نوێنەری هەموو خەڵکین". ئەمە بۆ شاردنەوەی ناوەرۆکی چینایەتی دەوڵەتە. ملیاردیرێکی وەک ئیلۆن ماسک خەڵکێکە لە ئەمریکا و کرێکارێکی بورای ئۆتۆمۆبێل سازی تێسلا کە ماسک خاوەنەکەیەتی خەڵکێکە، بەڵام ماسک ١١٠،٠٠٠ سەدو دەهەزار کرێکار کار بۆ ئەم کۆمپانیایەی دەکەن لە ئاستی جیهانیدا جگە لە کۆمپانیاکانی تری ، کرێکارەکەش هیواداره لەسەر کارەکەی دەرنەکرێت. لە ئێران سەرەڕای ئابڵوقەی ئابوری ئەمریکا و قەیرانێکی ئابوری قوڵ و گرانی لە ڕادەبەدەر، ژمارەی ملیۆنێرەکان هێجگار زیادیان کردووە. بەپێێ "ڕاپۆرتی سامانی جیهانی" کە کۆمپانیای Capgemini بڵاوی دەکاتەوە، وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران گەورەترین ڕێژەی تۆمار کردووە لە زیادبوونی ملیۆنێرەکاندا لە ساڵی ٢٠٢٠دا و ژمارەی ملیۆنێرەکانی گەیشتۆتە ٢٥٠ هەزار ملیۆنێر و بۆتە ١٤هەمین وڵات لە ڕیزبەندی جیهانی ملیۆنێرەکاندا و لەم بوارەدا پێش وڵاتەکانی ئیسپانیا و ڕوسیا و بەرازیل و سعودیە کەوتۆتەوە (سەرچاوە: پەیجی میدل ئێست ئای/١٥ی ئۆگەست ٢٠٢١/ عەرەبی). ئەو ٢٥٠ هەزار ملیۆنیرەش خەڵکن و کرێکارانی هفت تەپەش هەر خەڵکن.. زۆر ڕۆشنە کە بەرژەوەندی ئەو ٢٥٠ هەزار خەڵکە کە چینی بورجوازی پێکدەهێنن و بەشێکن لەو چینە، زۆر دژ بە بەرژەوەندی کرێکارانی هفت تەپە و کرێکارانی کارگە و پرۆژەکانی دیکەیە... کەواتە خەڵک هەیە و خەڵکی دیکەش هەیە. شۆڕشی خەڵک هیچکات ناوەڕۆکی کۆمۆنیستی پڕۆلیتێری نەبووە و نیە، و دژ بە لێکدانەوەو بیروڕای کۆمۆنیزم و خەباتی چینایەتیە. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لە ژێر ناوی شۆڕشدا، شۆڕشی پڕۆلیتاریا دەشێوێنێت وە ڕاستەوخۆ خزمەت بە بورجوازی دەکات. شۆڕشی خەڵک لەباری بابەتیەوە بوونی نیە، ئەوەی هەیە یان شۆڕشی بەهاری عەرەبی و شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەکانی بورجوازییە، یان شۆڕشی پڕۆلیتاریایە. شۆڕشی مامناوەند و لە ناوەڕاستی ئەو دوو شۆڕشەدا بوونی نیە. شۆڕشی خەڵک بەگشتی بورجوازی بەکاریناهێنیت لەم سەردەمەدا بەڵکو زیاتر کۆمۆنیزمی بورجوازی و ئەوانەی خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست دەزانن ئەم چەمکە بەکاردەهێنن لە پێناو داپۆشینی ناوەڕۆکی چینایەتی شۆڕشی پڕۆلیتاریادا. شۆڕشی خەڵک!! انقلاب مردم!! پۆپۆلیزمی بورجوازییە لە بەرگی کۆمۆنیستیدا. ئەم کۆمۆنیزمە بورجوازییە هەموو ئامانجێکی ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری بورجوازی ئیسلامیە لە ئێران، واتە تەنها گۆڕینی ڕژێمە بە هەندێ ڕیفۆرمەوە، کە لەجیهانی سەرمایەداریدا ناکرێت و جێبەجێ نابێت. بورجوازی جیهانی سنوری ڕیفۆرمی تێپەڕاندووە و توانای هیچ ریفۆرمێکی نەماوە، مەگەر بە زۆری هێزی پڕۆلیتاریای یەکگرتوو. هەر

بەم پێیە هیچ شۆڕشێکی بورجوازی بە مانای ڕوودانی ئاڵوگۆڕێکی پۆزەتیڤ لە ژیانی خەڵکدا هیچ زەمینەیەکی نەک نەماوە، بەڵکو دەمێکە کۆتایی هاتووە. بەپێچەوانەوە بورجوازی جیهانی هەمە ڕۆژە پەلاماری ژیان و گوزەرانی خەڵک و دەستکەوتە مێژووییەکانیان دەدات، خۆیان لە ئەمریکا و فەرەنسا و ئەڵمانیاوە مافە فەردی و مەدەنی و سیاسیەکان و ئازادی بیروڕاش دەخەنە ژێر پێوە تا ئەوکاتەی بە زەرەری خۆیانە، بەجیا لەوانەش ڕۆژانە پرۆلیتاریای ئەوروپا هەژارتر دەکەن. تەنها شۆڕشێک لە ئێراندا ڕێگەی بابەتی و مێژوویی خۆی هەیە ئەویش شۆڕشی پرۆلیتاریایە. گۆڕینی خرۆشانی خەڵکی ئێران لەم ڕووداوانەی دواییدا و بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریا خەونێکی پۆپۆلیستیانەی بورجوازییە. شۆڕشی ئێران ناتوانێت لە پێشەوە شۆڕشی خەڵک یان دیموکراسی بێت و دوایی ببێتە شۆڕشی پرۆلیتاریا. ئەوە بڵاوکردنەوەی وەهمی ڕووخانی ڕژێمە و هەمان تێزی بورجوازییە، لە ژێر ناوی کۆمۆنیزمدا. کاتی خۆی قاسملۆ دەیگوت لە پێشدا "چارەسەی مەسەلەی نەتەوەیی دواتر سۆشیالیزم". هەمان باسە لە بەرگێکی دیکەدا.

## تێزی "ئەگەر چینی پرۆلیتاریا دەخاڵەت بکا"!!

ئەم تێزە تێزێکی کۆنی نێو کۆمۆنیزمی کرێکارییە و لەم خرۆشانەی دواییدا لە ئێران، هەمان تێز دەبینین، کە بەشێک لە ئەحزابی کۆمۆنیزمی کرێکاری هیوایەکی وای هەیە، یان پرۆپاگەندە بۆ تێز و چەمکێکی لەم چەشنە دەکات... ئەم تێزە ناوەڕۆکەکەی پۆست-پۆپۆلیزمە. واتە خاوەنانی ئەم تێزە دەزانن کە پۆپۆلیزمێک باوی نەماوە و ئەوەش دەزانن کە ڕێگا شۆڕشی سۆشیالستیە، بەڵام بزووتنەوەو خرۆشانی لەم چەشنە بە ڕێگایەک دەبینن بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم. لە باری بابەتیەوە ئەم بۆچوون و سیاسەتە ڕاستەوخۆ پرۆلیتاریای ئێران دەخاتە دوای ڕووداوەکان و دەیکاتە پاشکۆی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ئێران. بەکورتی لە باری سیاسی و پراتیکیەوە چینی کرێکار بۆیە لە پرۆپاگەندەکەدا هەیە، بۆ ئەوەیە لە خزمەت ڕووداوەکانی ئێراندا بێت، لە خزمەت خواست و داواکاریەکدا بێت کە خەڵک لە ئێران بەرزیان کردۆتەوە. چینی کرێکار وەک چینێکی یەکگرتوو باسی ئێمەیە، ئەم چینە یەکگرتووە چۆن دەکرێت دەخاڵەت بکات کە پێشتر وەک هێزێکی یەکگرتووی چینایەتی نمایشی نەکردووە -وەک تاک تاکی کرێکاران مەبەستی من نیە- ؟ ئەوە هەمیشە هەیە و هێزەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی شیعی موقتەدا سەدر لە عیراق زۆربەی زۆری پرۆلیتاریایە، بەڵام نەک وەک چینێک بەڵکو وەک ئەفرادی ئەو چینە. هێزی یەکگرتووی چینایەتی بێ بیروڕای سۆشیالیزمی پرۆلیتێری مەیسەر نابێت. لەوەش زیاتر، بێ ئاستێک لەڕێکخراووبوون و تەحەزوبی چینایەتی فۆرمی تەواوی خۆی وەرناگرێت. جا لێرەدا باسەکە ئاستی یەکگرتووبوونەکە نییە کە لەچ ئاستێکی بەرز یان نزمدایە. لە بارێکدا کە ئەو یەکگرتوویە چینایەتییە هەبێت و چینی پرۆلیتاریا بەهرەمەند بێت لە ئاگایی سۆشیالیستی خۆی، یان لایەنی کەمی بەشی پێشڕەوی ئەو چینە لەباری پراتیکیەوە نیشانی دابێت کە خاوەنی بزووتنەوەیەکە دەیەوێت چینەکەی ڕزگار بکات جا با لاوزیش بێت، لە بارێکی ئاوهادا، گریمانەی ئەوە هەیە کە پرۆلیتاریا لە ڕووداوەکاندا بەشداری سیاسی بکات و دیارە بەشی پێشڕەوی پرۆلیتاریا کە لە حزبێکدا خۆی ڕێکخستووە، لە کاتی دیاریکراو و کۆنکرێتدا بڕیاری خۆی دەدات لە سەر شێوەو شێوازی گرتنە دەستی پێشڕەوی لەو کاتە دیاریکراوەدا.

چینی پرۆلیتاریای ئێران خاوەنی خەباتێکی نەپساوە و بەردەوامە، خاوەنی خەباتی شکۆداری خۆیەتی، بەڵام خەباتی ڕۆژانەی ئەو و ئاستێک لە یەکگرتووبوونی پیشەیی ئەو، هێشتا لە چوارچێوەی هوشیاری سۆشیالیزمی پرۆلیتاریدا نییە وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، -دیسان باسی تاکی کرێکار نیە- بەڵکو باسی ڕێکخستنی کۆمۆنیستی باسە لە ڕێکخستنی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا بۆ بەدەستهێنانی سۆشیالیزم و هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی و دامەزراندنی سیستمی هەرەوەزی. ئەم ئاگاییە پێش هەرشتێک لەبزووتنەوە و خواستی سیاسی پرۆلیتاریا و لە شێوازی ڕێکخستن و پراتیکردنی ناڕەزایەتیەکانیشدا دەردەکەوێت. پرۆلیتاریای ئێران پێش ڕووداوی کوشتنی ژینا، ئەو یەکگرتووبوونە چینایەتیەی بۆ ڕووخاندنی سیستمی سەرمایەداری لە خۆی نیشان نەداوە وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی، وە تەنانەت لە ئاستی بزووتنەوەی ڕۆژانەشیدا، سەرەڕای جەسارەتێکی بێ وێنەی ڕابەرانی ئەم بزووتنەوەیە. کەواتە تێزی "ئەگەر چینی کرێکار دەخاڵەت بکات" پایەی دەخاڵەتەکەی چییە؟! لەسەربناغەی بزووتنەوەی کام چینە و بەپێی گەشە و چوونەسەری ئاگایی و ڕیکخراووبوونی کام بزووتنەوەیە، پایەی ئەم دەخاڵەتە سیاسیە دابینەکرێت؟!! . باوەڕداران بە تێزێکی لەم چەشنە یان دەبێت بیسەلمێنن کە بەڵی چینی کرێکاری ئێران خاوەنی ئاستێک لە یەکگرتوویی هێزی سیاسی خۆیەتی و ئەوەش بەڵگە بابەتیەکان و ئاراستەی بزووتنەوەکەیەتی، کە ئەمەیان سەلماندنی مەحاڵە، چونکە مەسەلەیەکی بابەتیە و دەبینرێت و دەبیسترێت، یان بەڕۆشنی ئەوە دەسەلمێت کە چینی کرێکار با ئامادەش نەبێت بۆ شۆڕشی خۆی، بەڵام دەکرێت بێتە مەیدان وخزمەت بە خرۆشانی ئێستا بکات و دەسەڵاتی ئیسلامی بڕوخێنێت!! هەمان ناوەڕۆکی شۆڕشی خەڵک بە لەفافی کرێکارەوە. من یەقینم هەیە کە پرۆلیتاریای ئێران و هەر وڵاتێکی دیکەش هێندە هوشیارە کە دوای ئەم تێزانە نەکەون وە ناکەون، لە بەغدا دوو سێ مانگ هێزە بورجوازییە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ساحەی تەحریر بوون، بەڵام چینی کرێکار خەریکی کاری خۆی بوو لە شوێنی کارەکەی، هەر ئەوکاتە نوسیمان و وتمان کە چینی کرێکار دەخاڵەت ناکات لەم

سیناریۆیەی ئەمریکا و بورجوازی عێراقیدا. پڕۆلیتاریای ئێرانیش بەهەمان شێوە تا نوسینی ئەم وتارە هیچ ئامادەییەکی لە خۆی نیشان نەداوە کە لولەی بۆرییە نەوتەکان بگرێتەوە و کۆمپانیاکانی پەترۆکیمایی و ئاسنسازی دابخات... وە نایکات. هاتنە دەرەوە لە کارگەکان و بەشداریکردن لە خرۆشانەکاندا مەبەستی من نیە ، کە ئەوە هەمیشە گریمانەیەکە ڕوودەدات.

ڕیچکەو ئاڕاستەی شۆڕش لە ئێران لە ڕوانگەی پڕۆلیتاریای پێشڕەوەوە، تەنها و تەنها شۆڕشی پڕۆلیتاریا خۆیەتی بێ هیچ پێشگر و پاشگرێکی وەک؛ لە پێشدا ڕاپەڕینی خەڵک و گۆڕینی حکومەت و دەوڵەتی ئیسلامی و دوایی دەبێتە شۆڕشی پڕۆلیتاریا. ئەوە ڕۆشنە کە شۆڕشی پڕۆلیتاریا هەنگاوی یەکەمی ڕووخانی ڕژێمی سەرمایەدارییە لە ئێران. بابەتەکە بەتەواوی زانستییە وەک ماتماتیک، ئەگەرچی ئێمە لە بواری زانستی کۆمەڵایەتیدا قسەدەکەین کە جیاوازی زۆری هەیە، بەڵام بەهەمان ئاست زانستیە. ئەگەر چینی پڕۆلیتاریا چینی پێشڕەوی ئەم سەردەمەیە، کە هەموو کۆمۆنیستەکان وادەڵین بەجیاوازی بیرکردنەوە و گروپ و حزبەکانیان، چینی پێشڕەو مانای خۆی هەیە کە پێشڕەوی کۆمەڵگەیە بۆ ئاڵوگۆڕە بنەڕەتی و ڕیشەییەکان و ڕووخاندنی سیستمی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆشیالیزم. ئەم هێزە پێشڕەوە چۆن دەکرێت دوای ڕووداوەکان بکەوێت و تازە پاش مانگێک یان دوان یان زیاتر و دوای ڕووخانی ڕژێم، خەبەری بێتەوە و ئیدعای پیشڕەوی بکات؟! لەکاتێکی وادا پێشڕەوی کورسیەکەی گیراوە و بەدەست هێزو بزووتنەوەی دیکەوەیە. هوشیار بوونەوەی پڕۆلیتاریا بۆ ئەوەی پێشڕەو بێت لە ڕێگەی لابردنی حیجابەوە بە دەست نایەت، بەڵکو ڕاستەوخۆ وە ڕاستەوخۆ دژ بە سیستمی سەرمایەداری و کارو کردەوە و دەسەڵاتی ئەو. بە ڕووخانی سیستمی سەرمایەداری نەک تەنها" کۆماری ئیسلامی"، بەڵکو کۆی ئەو کۆسپانەی دیکە چارەسەر دەبێت و بەدەست دێت. ئەگەر نا بورجوازی هەر ڕۆژەی کۆسپێک دەهێنێت و دەیکاتە کۆسپی گەورەی کۆمەڵگا. لە ئەمریکا ڕاسیزمی ڕەگەزی کێشەیەکی کۆن و زۆر گەورەیە، بەپێی تێزی ئەگەر "چینی کرێکار دەخاڵەت بکات"، دەبێت ڕەش پێستەکان ڕاپەرینێک بکەن و پاشان ئەگەر چینی کرێکار دەخاڵەت بکات، ئەوە شۆڕش دەبێت و دەوڵەتی ئەمریکا دەڕوخێت!!. ئەم تێزە دژە بە بیرکردنەوە ولێکدانەوەی چینایەتی و دورە لە سۆشیالیزمی پڕۆلێتێریەوە. دەرسی یەکەم و کۆتایی ئەم ڕووداوانە، ئەوەیە کە ڕۆشنبیرانی سۆشیالیزمی پڕۆلیتێری وهەر لایەن وحزب و کەسێک بەو ئاستەی ئامادەن، بەشێک بن لەم خەبات و کۆششە، پێویستە لە ڕێچکەی ئامادەیی و خۆڕێکخستنی پڕۆلیتاریاوە بۆ شۆڕشی خۆی، ئەمکارە ئەنجام بدەن. ئەگەر پڕۆلیتاریا ئامادە نیە لە باری سیاسیەوە، کە نیە، ئەوە پێویستە بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە هۆکەی چیە؟! نەک بکرێنە پاشکۆی بزووتنەوە بورجوازییەکان. لەسەر سۆشیالیزمێکی پڕۆلیتری لە ئێران پێویستە، جا لە لە هەر بەرگێکدا هەیە، خەریکی ئەو کارانە بێت، کەپێویستە بکرێن بۆ ڕێکخراوکردن و یەکگرتووکردنی بزووتنەوەی چینایەتی پڕۆلیتاریا لە پێناو شۆڕشەکەی خۆیدا.

ئەگەر نا ڕووداوەکان دووبارە دەبنەوە، بورجوازی ئێرانیش شێوەی خۆی وەک حەربا دەگۆڕێت. تەنانەت ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران بڕووخێت، هیچ لە ناوەرۆکی ئەوە ناگۆڕێت کە چینی پڕۆلیتاریای ئێران لە سایەی هەمان هەلومەرجی نالەبارو بگرە خراپتریشدا، دەژین. نموونەکان زۆرن، عێراق، ئەفغانستان، لیبیا و ئۆکرانیا، نموونەی زۆر تازەن و کارەساتی مەرگباری ئەو وڵاتانە ڕۆژانە لە هەواڵەکاندا دەبیستین. حزبە کۆمۆنیستیەکانی ئێران بە هەموو جۆرەکانیەوە لە ئاڵوگۆڕێکی ئاوەهادا -ڕژێم چەینجێکی ئاوادا!!- پێگەیان لە ئێمەی کۆمۆنیستەکانی کوردستانی عێراق لە دوای ساڵی ١٩٩٠وە نەک باشتر نابێت بەڵکو خراپتر دەبێت و لە کەشو هەوایەکی ئاشوب و نائارامیدا بزوتنەوەی پڕۆلیتاریا زیاتر و زیاتر دەرگیر دەبێت لەگەڵ بێباوەڕی و بێ هیوایدا، هەلومەرجی لەو چەشنە هەرگیز بە قازانجی چینی پڕۆلیتاریا و بزوتنەوەکەی نیە. بەم پێیە دەتوانین زۆر ڕاشکاوانە بڵێین کە شۆڕشی پڕۆلیتاریا و تەنها ئەم شۆڕشەیە دەتوانێت جێگەی هیوا و بەدیهێنانی سەرجەم خواستە ڕەواکانی تەواوی ستەم لێکراوانیش بێت. ١٠ئۆکتۆبەر٢٠٢٢